# کورد و دەوڵەتانی عەرەب و جیهانگیری

مەلا بەختیار

## خەمێکی دێرینە

کورد و عەرەب و تورك، هەروا میللەتانی تریش، هەزاران ساڵ پێش ئێستا، پێش ئەوەی قەڵەمڕەوی کۆن و نوێش لەناوچەکەدا دامەزرێن، وەکو نەژاد هەبون. ئیتر هەر نەژادێك، رۆژگار یارمەتی دابێ، یان لێوەشاوەیی سەران و سەردارانی نەژادەکە، توانیبێتیان قەوارەیەك بۆخۆیان دروست بکەن، ئەمەیان پەیوەندی بە روداوەکانی مێژووەوە هەیە. هەروا ئەو نەژادانەیش نەیانتوانیبێ سەرکەون و ژێردەستە مابنەوە، ئەمیشیان سەرگوزشتەی نەهامەتیەکی دورودرێژی هەیە. نەژادە سەرکەوتوەکان و نەژادە سەرنەکەوتوەکان، هەندێکیان خۆیان پاراست و پەرەیشیان سەند بۆ ئاستی (نەتەوە – قەوارە) هەندێکیان خۆیان بەرامبەر نالەبارترین هێرشەکانی دەوروبەر خۆیان گرت و گەیشتنە ئاستی (نەتەوە) ش، بەڵام قەوارەیان دانەمەزراند، هەندێ نەژادیش هەر لەناوچون.

عەرەب. . بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە نەك خۆیپاراست، بەڵکو چەندین قەڵەمڕەوی فراوانیشی لەسەر حسابی نەژاد و دەسەلاتی تری رۆژهەلاتو ئۆروپا و هەندێ ناوچەی تریش، دامەزراند، تورکیش لەسەدەی چواردەهەمەوە ئیسلامی کردە پێناوی خۆی و خۆشی گەیاندە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. فارسیش بەهۆی ئیسلام و مەزهەبی شیعەوە، جگەلەوەی توانی بەرامبەر شالاوەکانی قەڵەمڕەوی عەرەبی خۆیبپارێزێ، توانیشی شارستانیەت و گەورەترین دەسەلاتی ئێرانیش لەناو چەندین دەسەلات و نەژاد و جەنگی تەفروتوناکردنیان لەلایەن بەرایی سوپای عەرەب و ئیسلامەوە، بپارێزێ و سەریشی بخا.

کورد. . هەمیشە لەناو تێکچڕژانی روداوەکاندا کەوتۆتە ناو مەنگەنەی جەنگەکان. بەداخەوە، لەدواسەرەنجامدا، توانیویەتی خۆی بپارێزێ، بەلام نەیتوانیووە دەسەلات و هێندەی شارستانیەتی هەبوو، بپارێزێ. ئەم خۆپاراستنەی کورد لە زەمانی رسکانی نەژادەکەیەوە لەبەرامبەر شالاوەکانی بەعەرەبکردن و بەفارسکردن و بەتورکردنیدا، هەتا ئەمرۆ، مایەی سەرسوڕمانی مێژوونوسانە. تەنانەت خۆشمان وەکو کورد هێشتا نەمانتوانیوە بنج و بنەوانی ئەو شانازییە مێژووییەی لەناونەبردنمان هەڵبدەینەوە و لەناو نەوەکاندا، کایەی پەروەردەی نەتەوەیی لەسەربکەین. پێشم وایە هەتا ئەم چرکەساتە کورد لەلایەن زۆربەی حیزبە کوردستانیو روناکبیرەکانیەوە نەبۆتە خاوەن پەیامێکی نەتەوەیی هاوچەرخ کە مێژووی خۆی زاستیانە بخوێنێتەوە و زانستیانەش ئاوێتەی پێویستیەکانی گۆڕانکاری سەردەمەکە ببێ. بەڵکو دەتوانین بڵێین: خەباتی خۆڕسکی کورد بۆ پاراستنی نەژادەکەی لەسەردەمی (فتوحات) ی ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاستدا، سودی زیاتربووە بۆ پاراستنی کورد لەبەرنامەی (سیاسی – نەتەوەیی) هەندێك حیزبی سیاسی نیو سەدەی رابردوو، لەسەرانسەری کوردستاندا. هەندێ حیزب و رەوتی سیاسیش هەیە راستەوخۆ زیانیان بۆ نەتەوەی کورد هەبووە و هەیە، بەڵکو هەندێك لە حیزبە سیاسیەکانو روناکبیران لەژێر پەردەی دڵسۆزی

نەتەوەییدا، زیانیان گەیاندۆتە کورد. هەندێکیشیان بێپەردە و بێپەروا، یان پێچەوانەی مەسەلەی نەتەوەیی بون، یان (ناسیۆنالیزم بەشەرمەزاری! دەزانن) .

## تێپەڕینی مێژوو

دوای تێپەڕینی مێژوویەکی سیاسی ناخۆش، گۆڕانکاریەکان نەتەوە پێکەوەژیاوەکانی رۆژهەڵاتی هەرپێکەوە هێشتۆتەوە. بەڵام پێکەوەهێشتنەوەیەك کە هەتا ئێستاش هاوسەنگی سیاسیو شارستانی لەنێوانیاندا، نییە. سەردەمەکانی رابوردوو، بۆ هەر نەتەوەیەك خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەبووە و بگرە ئێستاش خوێندنەوەکان جیاوازن، هەتا ئێستا نەك لەنێوان حکومەتەکانی ناوچکە، بەڵکو لەنێوان روناکبیرانی نەتەوەکای ناوچەکەش، خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ رووداوەکانی مێژوو نەکراوە. بگرە بۆچونی هەڵە لەروانگەی ناسیۆنالیزمی باڵادستیشەوە زۆر زۆرە.

رابوردوو، لەگەڵ یادەوەریەکانی رابوردوودا، با لیگەڕێین و لەوەزیاتر قەتماغەی برینەکان هەڵنەدەینەوە. دێینەوە سەر ئێستا، ئایە، هیچ پەندێکی مێژوویی، لەو رابوردووە، سەبارەت بە پەیوەندی ئەتنیکی جیاواز لەناوچەکەدا، وەرگیراوە؟ بێگومان نەخێر. لەوەش خراپتر، رۆژگار زەقتر دەیسەلمێنێت کە هەندێ لە دەوڵەتانی عەرەبیو ئیقلیمی، هێشتا رابوردوو راینەچڵەکاندوون. بۆ نموونە:

## دەوڵەتانی عەرەب:

ئەم دەوڵەتانە، سەرەنجامی گۆڕانکاریەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، زۆربەیان دامەزراوون. یان دامەزرێنراوون. وردەوردەش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە.

تێکڕای دەوڵەتانی عەرەبی، ئەوەتەی بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دراوە، هەتا ئێستا نەیانتوانیووە کارێکی ئەوتۆ بکەن کێشەی گەلی فەلەستین چارەسەربکرێ. تەنانەت فەلەستینیەکان دوچاری دۆخێکی ئەوتۆ هاتوون کە کەمجار لەمێژوودا گەلێك یان سەرکردایەتیەکەی، دوچاری چارەنوسی نالەباری واهاتووە. کەچی دەوڵەتانی عەرەب، نەك ناتوانن یارمەتی دەربازبونی گەلی فەلەستین لەو میحنەتەدا بدەن، بەڵکو ناتوانن کۆبونەوەیەکی باڵای سەرۆکی وڵاتە عەرەبییەکان سەربخەن.

نەتەوەیەکی (٢٥٠) ملیۆنی، نەتوانێ کۆنگرەی سەرۆکی (٢١) وڵاتی خۆی بەرێکوپێکی ئەنجامبدا، ئاخۆ هۆیەکەی بۆئەوە ناگەڕێتەوە کە گیروگرفتی ئەم نەتەوەیە و پێکهاتەی حکومەتەکنیان، لەناو پرۆسەی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی (سۆسیۆ – سیاسی) نەتەوەییدا، ئاڵۆزیو گرفتی زۆری تیایە. لەپێشەوە گرفتی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاین و بەهۆی مەزنخوازی ئاینیشەوە، سەپاندنی ئەقلیەتی مۆنۆپۆلی (ئایینی – عەرەبی) بەسەر گەلانی تر و نەتەوەکانی تردا. ئایە ئەم ئاڵۆزی و گیروگازە کە رۆچۆتە پێکهاتەی عەرەب و بیرکردنەوەی عەرەبەوە، رێگ نییە لەبەردەم بیرکردنەوەی دیموکراسی و مۆدێرنی ئەم نەتەوەیە؟

- **عەرەب" نەتەوەیەکی زۆر زۆر دەوڵەمەندە، کەچی لە نشونما (ÉäáÊ) کردندا لە نەتەوە هەرە دواکەوتووەکانە.**

**- عەرەب" توانایەکی ئێجگار زۆری هەمەچەشنی لەناودا هەیە، بەڵام لەبەر نەبونی ئازادی خەفەکراوون.**

**- عەرەب" لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە دەیەوێ فەلەستین رزگاربکا و بۆیەنەکرا" دەبینین زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی ناتوانن کێشەی میللی و کەمینەی ناوخۆیان چارەسەربکەن. ئەمە لەکاتێکدا، ئەتنیکە غەیرە عەرەبەکان (١٣٪) ی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی پێکدێنن. لەبەر پێشێلکردنی مافەکانیان لە چلەکانەوە هەتا نەوەدەکان، شەڕ لەگەڵ ئەم میللەت و کەمینانە، (٠٠٠و٢٩٠وا) یەك ملیۆن و دوو سەد و نەوەد هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە. (٠٠٠و٣٠٠و٧) حەوت ملیۆن و سێ سەد هەزار ئاوارە و (٠و١٠٠) سەد ملیارد دۆلار زیانی مادی لێکەوتۆتەوە (بڕوانە لاپەڕە (١٦) و (٥٤) ی** ÇáãÄáÇ ÇáÏæáíÉ ÇáÚÑÈíÉ   åãæã ÇáÇÞáíÇÊ Ýí ÇáæØä
ÇáÚÑÈí   ÇáÊÞÑíÑ ÇáÓäæí ÇáÇæá /ãÑßÒ ÇáÏÑÇÓÇÊ ÇáÚÑÈíÉ/ 1994(.

ئەمە نەهامەتیەکی گەورەی مرۆیی و سیاسی و شارستانییە، گەورەترین نەتەوە و دەوڵەمەندترین نەتەوە و نەتەوەی خاوەن پەیامی دوائایینی ئاسمانی (ئیسلام) کە لەکۆنەوە هەتا ئێستا بەزۆربێ یان بەخواهشت، وەکو سەروەری نەتەوە ئیسلامێندراوەکان هەڵسوڕاوە، کەچی بەوهەموو دەوڵەمەندی و توانا بەشەری و لاف و پیاهەڵدانە، لە بچوکترین وڵاتی رۆژئاوای مەسیحی، بچوکترن.

بارێکی ئاوای نەتەوەیی و دۆخێکی وەهای سیاسی عەرەبی، بێگومان کاریگەری نالەباری لەسەر کۆنگرەی سەرۆکانی عەرەب و بڕیارەکانیان دەبێ. هەروا لەسەر کۆنگرەی باڵای ئیسلامیش. دیارە هەڵوێستی رەسمی وڵاتانی عەرەب و بەرنامەی دەوڵەتەکانیشیان لەئاستی گۆڕانکاریەکان نابێ. بەڵکو رێگریش دەبن لەبەردەمیان. هەربۆیە، کارێکی چاوەڕوانکراوە، لە کۆنگرەی باڵای ئیسلامی و عەرەبیدا هەم بەرگری لە رژێمی سەدام بکەن و هەم لەناوخۆشیاندا، لەسەر بۆچونی جیاواز خراپ تێکهەڵچن. هەڵبەتە لەبارودۆخێکی ئاوای وڵاتانی عەرەبیشدا، مەحاڵە چاوەڕوانی هەڵوێستێکی دیموکراتی سەبارەت بە چارەی خۆنوسینی گەلی کوردستان بکرێ.

خیتابی سیاسی عەرەب، لەم سەردەمەشدا، بەشێوەیەکی گشتی، درێژەپێدانی هەمان خیتابی سیاسی عەرەبە لە سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم. سەبارەت بە کێشەکانیان و کێشەی کورد تەنها رواڵەتەکەی گۆڕاوە. ئەم هەموو کارەسات و گۆڕانکارییە جیهان هەژێنە، گۆڕینێکی بنەڕەتی لە خیتابی سیاسی دەوڵەتانی عەرەبدا نەهێناوەتەدی. بێگومان ئەمەش بۆ کورد بارگرانیەکی سیاسی گەورەیە. بەتایبەتی، لەم هەلومەرجەدا کە رۆژئاوا خیتابی سیاسی خۆی بەرامبەر کێشەی کورد گۆڕیوە و هەتاڕادەیەکی بەرچاو مافی چارەنوسی دەسەلمێنێ، دەوڵەتانی عەرەبیش هێشتا لە روانگەی ناسیۆنالیستی باڵادەستەوە دەڕواننە کێشەی کورد. لەم حاڵەتەدا، گومانی تیا نییە دۆستایەتی سیاسی کورد لەگەڵ رۆژئاوادا باشتر دەچێتەپێش. ئەمەش بێ کاردانەوەی ئاشکرا یان نهێنی نابێ لەلایەن هەندێك وڵاتی عەرەبی و لەنێو بەشێك لە رای گشتی عەرەبیش لەدەرەوەی عێراق. هەر ئەمەش وادەکا ناسیۆنالیستە گۆشەگیرەکانی عەرەب و سەلەفییە

کۆنەپەرستەکان و چەند ڕەوتێکی چەپی توندڕەو، پێکەوە دژی جەنگی گۆڕینی ڕژێمی عێراق و دۆستایەتی کورد و ڕۆژئاوا بن.

## ناسیۆنالیزمی عەرەب و سەلەفیەت و ئاڵوگۆڕ

لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و داسەپاندنی بەسەر گەلی کوردستاندا، لەو هەلومەرجەدا کە زلهێزەکان پشتیوانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و قەوارەگرتنی هەندێ دەوڵەتی تری عەرەب بون، ئەگەر ناسیۆنالیزم و سەلەفیەکان و دەوڵەتانی عەرەب بۆیان چوبێتەسەر ڕێگەی سەرکەوتنی حکومەتی شێخ مەحمود بگرن، ئاوا ڕوداوی مێژوو هەرگیز دوبارەنابێتەوە و ئەمجارە، جگەلەوەی سەرەنجامی وەرنەچەرخانی عەرەب لەباری تێگەیشتنی مۆدێرنانەی ناسیۆنالیزم و ڕێنەگرتن لە سەلەفیەتی سەدەکانی ناوەڕاست، جگەلەمە، ڕۆژئاواش جارێی تر ناچێتەوە ناو چوارچێوەی ڕابوردوو" گروەوە سیاسیەکانی تەنها لەسەر داڵدەدانی حکومەتەکان ناکا. بەڵکو بەپێی پێویستی جیهانگیری کە ئامانجە هەرەسەرەکیەکانی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و ئازادی تاك و گواستنەوەی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ بازاڕە داخراوەکان و تاك بە تاکی کۆمەڵکانە. لەمەودوا ڕۆژئاوا بەپێی ئەم پێویستییە هەڵسەسوڕێ. چونکە باش دەزانێ گەر لەسەردەمی جیهانگیریدا، پرۆژەیەکی نوێچەشنی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، لەپێشەوەدا بۆ کێشە سیاسییە چارەسەرنەکراوەکان نەبێ، ئەمجارەیان کێشە سیاسیو تەنگوچەڵەمە کۆمەڵایەتیەکان، ئازار و زیانەکانی تەنها و تەنها بۆ گەلانی وەکو کورد و دەوڵەتانی دواکەوتو نابێ، بەڵکو کاردانەوەی ئەو کێشانە سنورەکان دەبەزێنن و ڕوداوی وەکو (١١) ی سپتامبەر دەقەومێنن. لەمەش زیاتر، ئەم کێشانە، گەر بەچارەسەرنەکراوی بمێننەوە، دەبنە مایەی سەرهەڵدانی هەلاوسانی ئابوری ڕۆژئاوا و ئەمریکا، دووریش نییە، کێشەی ولاتانی لەمەڕ ئێمە، لەئایندەدا، نەبنە مایەی قەیرانی ئابوری و ئاستەنگی سیاسی قوڵ بۆ خودی ڕۆژئاوا. کاتێك مەترسی کێشەکان بگاتە ئەو ئاستە کە لەسەر ڕۆژئاوا مەترسیان هەبێ، بێگومان ئیتر ڕۆژئاواش ستراتیژی وئابوری و سیاسی خۆی دەگۆڕێ. هەر بەگۆڕینی بەردەوامی سیستەمی سەرمایەداریش، سەرمایەداری ئاوا پێشکەوتووە و پێشدەکەوێ (گەندەڵیش نەبوو وەکو پێشبینیدەکرا!) .

کورد. . ئێستا بۆتە یەکەمین کایەی سیاسی لەڕۆژهەڵاتدا. کایەی کێشەکەشی بەبەریەوەتی زۆر زیاتر تێکەڵاوی هاوکێشە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکە ببێ. بەم گۆڕانکاریەی ئێستا لەعێراقدا، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد بتوانێ لەناو سیستەمی ئایندەی عێراقدا، سیاسەتێکی هەمەلایەنەی دووربینانە بگرێتەبەر، لە سیاسەتی شۆڕشی شاخەکانی کوردستانەوە وەربچەرخێ بۆ سیاسەتی دیموکراسی لەپایتەخت و باقی شارەکانی عێراق، لەباتی ئەوەی کوردستانیەکی کوردستانی پەتی بێ، ببێتە کوردستانیەکی عێراقی و عێراقیەکی کوردستانی، هەڵبەتە هەنگینێ دەشتوانرێ هەم سەرکەوتنی گەروە بۆ ئەم قۆناغە بەدەست بهێندرێ و هەم چەندین فشار و مەترسی دەوروبەر لە سەرکەوتنەکان دووربخرێتەوە.

کورد. . پێویست باش باش لەم هەلومەرجە سیاسیـیە و لە کاریگەری گۆڕانکاری جیهانی وردبێتەوە. نەك هەر وردی سیاسەتی ئێستا بێتەوە، بەڵکو دەبێ بە وردی دەرکی کاریگەری گۆڕانکاری جیهانگیری بێ لەسەر

ئایندەی سیاسەتی ناوچەکە و پێکهاتەی نەتەوەکانی ناوچەکە و پێویستی دەوڵەتانی ناوچەکە بەتێکەڵاوبون بەو گۆڕانکاریانە" ساڵ بەساڵ لە رۆژهەڵاتدا، تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، بەشێنەییش بێ دەگۆڕێن. تورکیا لەپێشەوەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری جیهانگیری و رۆژئاوا. هەروەکو سەرەتاکەی دەرکەوتووە.

لەبەر ۆشنایی ئەم ئاڵوگۆڕە بەرفراوانە، کورد ئایندەی باشتر دەبێ لەئێستای. بەمەرجێ، بەرنامە و پرۆژە و خیتابی هاوچەرخ بۆ قۆزتنەوەی هەلەکان هەبێ. هەلی بچوك و هەلی گەورە. خۆیشی ژیرانە لە کاردانەوەی تێکشکانی ناسیۆنالیستە گۆشەگیرەکانی عەرەب و سەلەفیە کۆنەپەرست و تیرۆریستەکان، بپارێزێ. ئەمەش مەحاڵە، ئەگەر خیتابی سیاسی و روناکبیری کوردیی، خیتابێکی دیموکراتی بۆ بەدیهێنانی هەموو ئەرکە دیموکراسیەکان نەبێ. ئەرکی عەلمانیەت و ئەرکی مەدەنیەت و ئەرکی ئازادی بەفراوانی تاك و رای گشتیو. . ئەرکی دیموکراسیەتێکی مۆدێرنی زیندوو. . هەتارادەی ئازادی ویژدانیش.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣